لەبەرچی نامدۆزیتەوە؟.. شیعری نەوزاد بەندی

بۆچی بەدواما ناگەڕێی ،
لە شوێنێ بمدۆزیتەوە ؟
لە ترافیکلایتا تەنیشتم
سەیرم ئەکا ،
ئەڵێم ئەوە و ..
ئێستا هەڵمئەگرێتەوە ..!
لە باخێکی
پارکی ئازادی ،
عەینەکێ ،
زۆر بە دیقەت بۆم ئەڕوانێ ..
ئەڵێم ئەوە و ..
تا دێم بۆ لای ،
پێ دەچێ ببورێتەوە ..
بۆچی بە دواما ناگەڕێی ؟
سمێڵ فشێ ،
ئاد فرێندێ ئەنێرێت و ..
ئەڵێم ئەوە ..
به دەمامکەوە ، ئەیەوێ
بۆ وێرانەکە بێتەوە ..
بۆچی بە دواما ناگەڕێی ؟
من نەمبینیوی ،
نازانم تۆ چۆن چۆنیت ..
تەنانەت لە فیلمەکانا ،
کاراکتەرێ
به تەنیا بمێنێتەوە ،
ئەڵێم ئەوە ..
تۆ بڵێی نەمدۆزێتەوە ؟

به بێ ئەدرەس ،
لەناو ملیۆنەها کەسا ،
کە نازانم تۆ چۆن چۆنیت ،
هەنگاوەکانم وێڵ ئەبن ،

چاوم وەک تەیرێکی ترساو ،
لە هیچ کوێ نانیشێتەوە ..

لە قەڵ□ باڵغیی شەقامێ ،
له پڕ ماشێنێ ئەوەستێ ،
دەرگای سەکن ئەکرێتەوە ،
شکم نامێنێ کە تۆیت و
ئەو کورسیە ،
بە من نەبێ ،
بە هیچ کەس پڕ ناکرێتەوە ..
حەوشەیەکی پڕ لە گەڵای
هەڵڕژاوی جەنگی پاییز ..
درەختێکی ،
بە کوڵ ئەگری و
چەن ئەکەم ژیر نابێتەوە ،
ئەڵێم ئەوە و ..
بە من نەبێ ،
دڵی بە هیچ ناکرێتەوە ..

ئێ من نازانم چۆن چۆنیت ..
هەرچی چاوە ،
گومانم لا دروست ئەکەن ،
لە نانەوا ،
کەسێ ئەڵێ ،
قەینا کا با سەرەی تۆ بێ ..
ئەڵێم ئەوە ..!
هێشتا له دەوری شیعرێکم
ئەخولێتەوە ..
ل□ بەردەم ژووری بەڕێوبەر ،
کەسێ لێم وورد ئەبێتەوە ..
ئێ نازانم تۆ چۆن چۆنیت ..
ئەو پرسیارە ،
بۆشاییەکی قورسی تیایە ،
بەس بە تۆ پڕ ئەکرێتەوە ..

دەستێ ئەچێتە گیرفانێ ،
دوو بلیتی فیلمێکی تازە دەردێنێ ..
ئەڵێم ئەوە ..

ه□□ک□ چەن تاریکیش بێ ،
به ڕووما ئەگەشێتەوە ..
لە قاوەخانەی غەزەلنوس ،
کەسێ به دوو قاوەوە ،
بەرەو مێزێ هەنگاو ئەنێ ..
ئێ من نازانم چۆن چۆنیت ،
خۆم لا ئەدەم ،
قاوە بڕژێ ،
زەحمەتە هەڵگیرێتەوە ..
خۆ ئەزانم ،
ئەست□بر□ بکشێ ، زەحمەتە ،
وەکو بەفر ،
بکرێتەوە بە تۆپەڵ و
چاک بێتەوە ..

نازانم کێی ..
ئەزانی کێم ..
بۆ لە شەقامی مەولەوی ..
یان دوکانی لەنگەی سەفین ..
یان لە دەرگای پشتەوەی
مزگەوتی داروسەلام ،
بۆم ناگەڕێی ؟
ل□ بەرچی نامدۆزیتەوە ؟!

نەوزاد بەندی